کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
23-6-2007 21:58بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

## سەندیکای کارمەندانی تەندروستی یان سەندیکای بازرگانانی تەندروستی ... کارمەندێکی تەندوستی بی لایەن

پێش ماوەیەك کارمەندێکی تەندروستی دڵسۆز بابەتێکی لەسەر سەندیکای بەناو کارمەندانی تەندروستی بڵاو کردەوە کەهەندێك ڕووناکی خستبووە سەر کارەکانی هەندێك لە ئەندامانی سکرتاریەتی ئەو سەندیکایە منیش پاش بڵاوبوونەوەی ئەو بابەتەو گفتو گۆ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکم بڕیارماندا کە هەندێکیتر پۆخڵەواتی ئەو سەندیکایەتان بۆ بڵاو بکەینەوە تا لای هەموو لایەك و لە پێش هەمووشیانەوە لێپرسراوی ڕێکخراوە دیموکراتییەکان (کاك مەلا بەختیار) ڕوون بێت ئەمانە چی دەکەن لە ژێر ناوی ئەو بەڕێزەو ئەو سەندیکایەی کە هەزارەهای وەك منی تێدایەوئێستا وامان لی هَاتووە شەرم دەکەین بڵێین ئەندامی ئەو سەندیکایەین کە بە ناوی ئێمەوە لاف و گەزاف لی دەدەن و بەئارەزووی خۆیان گری بەست لەگەڵ جۆرەها کۆمپانیا دەبەستن لە ژێر ناوی سەندیکاو هەر ڕۆژەی یەکیکیان لە دەرەوەی وولاتە بۆ بازرگانی و ڕێك کەوتن لەگەڵ ئەو کۆمپانیانە.
ئازیزان لە هیچ شوێنێکی کوردستان دا ووشەی تفرغ نەماوە لە کاتی دەوام دا بەڵام ئەگەر بەیانیان و لە گەرمەی دەوام دا سەردانی سکرتاریەت یان لقی سەندیکای کارمەندانی تەندروستی بکەن بۆتان دەردەکەوێت کە چەندەها کارمەند و بە بیانووی ئەوەی کە ئەندامی سەندیکان یان کۆبوونەوەی سەندیکا هەیە خۆیان لەدەوام دزیوەتەوەو دەوام ناکەن و کەسیش ناتوانێت پێیان بڵێت بەری چاوتان کلی پێوەیە ئیمتیازاتیشیان لەهەموو کارمەندێکی ماندوو دڵسۆز زیاترە کە بە شێوەیەکی بەردەوام دەوام دەکەن و ڕۆژانە ژیانی هەزارەها نەخۆش ڕزگار دەکەن تەنانەت ئەندامانی سکرتاریەت مووچەی خۆیان گواستۆتەوە بۆ سەر ڕێکخراوە دیموکرایتەکان لەبەرئەوەی مووچەکانیان لەوی زیاترەو مەجالی فڕو فێڵی زیاتری تێدایە و هەریەکەیان چەندەهاساڵ خزمەتی پێشمەرگایەتی ساختەی بۆ خۆی کردووەو مووچەکەی پی بەرز کردۆتەوە لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە لە دوای دەوام هەریەکەو خەریکی عیادەی تایبەتی خۆی یان لە کۆمپانیاکەی خۆی خەریکی پارە پەیدا کردنە و بە مافی خۆیانی دەزانن بەڵام لەکاتی دەوامدا دەوام ناکەن بەمافی ئەو حکومەتەی نازانن کە مووچەی لی وەردەگرن ئایا بە پێی کام یاساو ڕێنماییەك دەوامی سەندیکا لە کاتی بەیانی دا بووەو دوای دەوام نییە یان بۆ ئەمان دنیا پێچەوانە بۆتەوە و بە ئارەزووی خۆیان بۆیان لواوەوچی یان بوێت بۆیان ئەنجام دەدرێت ئایا کاك مەلا بەختیار ئاگای لەم پۆخڵەواتانە هەیە یان نا؟ ئەگەر ئاگای لییە ئەی بۆچی بێدەنگ بووەو هیچ ئیجرائاتێك بەرامبەریان ناکات یان ئەمەش بۆتە مەسەلەی کوتلەو کوتلە کاری!!! من لە خۆیان دەپرسم پێش ئەوەی ببنە ئەندامی ئەو سەندیکایە شێخ حسەن لە خانوویەکی گڵ دا کری چی نەبوو ئەی لەسەرعەرەبانە سەوزەفرۆش نەبوو و پاڵی بەعەرەبانەوە نەدەنا کە بۆدواجاریش لە هەڵبژاردنەکانی ئەم دوایەدا تەنها یەك دەنگی نەهێنا و لە کۆمیتەکەی خۆی کردیانە دەرەوە ئەی شەماڵ کە ئێستا هەموو ژیانی بووەتە گاڵتەکردن بە ناموسی کارمەندی کچ و تێرکردنی ئارەزوەکانی خۆی لە ژێرناوی پێدانی ئیمتیازات یان پێدانی زەوی، کەی دینارێك لە گیرفانیدا هەبووە تا ئێستا خانووی ئاخر مۆدێل بکات و لەسەر تازەترین شێوەو کەتەلۆك بیرازێنێتەوە ئەی کارمەندێکی پاك و دڵسۆز بۆ ڕوبعێکی ئەوی پێناکرێت ئەی جەباری سکرتێر لە بیری چۆتەوەی بەبەردەوامی دەستی لە خوێندا بوو و خەریك بوو لە برسانا بمرێت ئێستا لەگەڵ شەماڵدا بوونەتە خاوەنی کۆمپانیای مۆدەوچەندەها خانوو زەوی کشتوکاڵی و بازرگانی دەکەن و خەریکی داوێن پیسیین ڕاست وتراوە

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

لەڕێویان پرسی چی شاهیدتە گووتی کلکم لەبەرئەوە ئەگەر سەیر بکەن بەبەردەوامی ئەم جووتە نا شەریفە کلکی یەکن و بۆ یەکتری دەپۆشن.

ئێمەی کارمەندانی تەندروستی لە کاك مەلا بەختیارو حکوومەتی هەرێمی کوردستان و چاودێری دارایی دەپرسین داهاتی ئەم سەندیکایە چەندەو چەندیش لەلای بەرێزییەوە وەردەگرن بەناوی رێکخراوەکان و چەندیش لەکارمەندان وەردەگیرێت بە جۆرەها بیانوو کە بۆ دواجار و لەکاتی نوی کردنەوەی پێناسەی ئەم سەندیکایە لەهەر کارمەندێك بڕی (10000) دە هەزار دینار وەرگیراوە ئینجا بزانن چەند کارمەند هەیەوکۆی ئەو پارەیە چەند دەکات و ئەم داهاتە چی لی دێت و لەچی دا سەرفی دەکەن.

ئەگەر ئەم سەندیکایە ئەوەندە قازانجی هەیە با ئێمەش هەموومان هەریەکەو پاڵ بدات بە لێپرساوێك و خۆمان بخەینە ناو سکرتاریەت و لقەکانی سەندیکاو هەموو نەخۆشخانەو بنکە تەندروستییەکان چۆل بَکەین و لەکاتی دەوامدا بچینە سەندیکاو لەدوای دەوام خەریکی دانانی کۆمپانیاو عیادەی تایبەتی خۆمان بین.

لە کۆتاییدا دەڵێین ئەگەر خوا نەمان کوژێت پشت بەخوا لەداهاتوودا هەموو گەندەڵییەکانی ئەم کۆمەلە دزەتان بۆ بلاو دەکەینەوە تا بۆ هەموو لایەك ڕوون و ئاشکرا بێت ئەمانە چی مۆرانەیەکن لە ناو ئەم گەلەدا بە گشتی و لەناو کارمەندانی تەندروستی بە تایبەتی.... .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکانیانە، کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.